www.kurdistannet.org
28-5-2003 1:35

# یەکی ئایار لە سەرجەم کریکارانی دونیا پیروزبیّ ...

ئە نجامدانی: سابیر محمود داماو

لە رۆژی جەژنی کرێکارانی جیهانی سەردانی بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقمان کردو دوای ئارستە کردنی پیرۆزبای لەم جەژنە چاومان کەوت بە بەرێز تاهیر حسن ئەندامی کەکتەبی سیاسی حیزبی کومۆنیستی کریکارای عێراقدا لە سەر ئالۆگوری ئیستای عێراق و کوردستان وئەم رۆژە دا گفت کۆمان لە گەڵداسازدا ...

❖ ئەم کاتەت باش

- ئەم کاتەتات باش بە خێربێن.

❖ سەرەتا پیرۆزبایی ١ ئایارتان ئاراستە دەکەین لە بەرێزتان و لەحیزبی کومۆنیستی کرێکاری عیراق و هەموو کرێکارانی عێراق وجیهان بەرێزتان وەك حیزبی کومۆنیستی کریکاری لەم رۆژدا چی دەڵێن بۆ وەزعی ئێستای عێراق وکوردستان.

- زۆر سوپاستان دەکەم رۆژی جەژنی کرێکاری لە ئێوەش پیررۆزبیّ لە تەواوی کرێکارانی عێراق و گشت جیهان ئێمە لە یەکی ئایاری ئەم ساڵدا چەندین چالاکیمان جۆر و چۆرمان خستەوتە سنووری خۆمانەوە لە سلێمانی و دوێنیّ لە گۆرەیانی فردوس لە بەغدا مەراسیمان کرد ئەمرۆیش لە متنزەی کۆمپانیای نەوتی شمال مەراسیمان هەیە لە شاری هەولێریش لە یەك دوو رۆژی دوای یەکی ئایار

❖ لە وەزعێکی وەك ئەمرۆ دا کە ئەمریکا هێرشی کردوە بۆ عێراق لە ژێر ناوی رزگار کردنی کردنی میللەتان و کۆمەڵگای عێراق لە دکتاتوریەتی رژێمی بەعس ئێوە چی دەڵێن لەم رۆژەدا وەکو حیزبی کومۆنیستی کرێکاری عێراق ؟

- بەر لەوەی مەسەلەی رزگار کردن یاخۆ داگیرکردن بێتە پێشەوە جێمی یەکەم دەستەی فەرمان رەوای ئەمریکا لە دژی خەڵکی عێراق خستی یە ریّ لە ژێر دوو ناوە ناوێکیان لە ژێر ناوی چەکی کۆمەڵ کوژ یەکێکیکەشیان لە ژێر ناوەی ئەوەی بەعس دکتاتورە و سەرکوتکەرە ماڤەکانی خەڵکی عێراق پێشێل ئەکات ئەم دوو ئیدعایەی ئەمریکا کە لەژێریە گەورەترین شەرِی لە مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگای ئینسانی یە بیّ وێنە بوو وەتاکو ئێستا کوشت کوشتارەکان لەشەی ئینسانەکان ماڵە رۆخاوەکان دار و پەرتووکان کە ئینسانەکان بۆتە ژێر بومبەکانی ئەمریکا تا ئێستا دەر نەهێندراوە، ئەم دوو بەهانەی ئەمریکا پۆچن دوورن لە راستی یەوە، ئەگەر یەکەم بێیتە سەر چەکی کۆمەڵ کوژ ئەمریکا خۆی خاوەنی گەورەترین جوبەخانەی چەکی کۆمەڵ کوژی و فەتاکترین چەکە لە دونیادا، ئەگەر بریارە دەوڵتان لە چەکی کۆمەڵ کوژی دابماڵرێت کە خۆاستی هەموو جەماوەری ئاشتی خۆازانی دونیا یە راستی ئەوە دەبێت لە ئەمریکاوە دەست پیّ بکرێت بە تایبەتی ئەمریکا یەکەم دەوڵەتە چەکی کۆمەڵ کوژی بە کار هێناوە لە دژی خەڵکانی ژابۆن. . هێرۆشیما و نەکازاکی کە تاوەکو ئێستا ئاسەوارەکەی ماوان لە بیری کۆمەڵگای ئینسانی نە چووتەوە. . بۆیە ئەم دوو مەسەلە و ئەم دلیلە زۆر پۆچە دوورە لە راستی یەوە ...

- گەر باس لە دکتاتوریەتی عێراق دەکرێت ئەوەتا گەلانی عیراق ٣٥ ساڵە خەبات دەکات و تێدەکوشێت بۆ رۆخاندنی ئەم رژێمە، ئێستاش ئەو دەسەڵاتە سەرکوتکەرانی کە ئێستا دۆستی کۆشکی سپین بە عربستانی سعودی و لە شێخ نیشیانەکانی عربستانی سعودی یەو وولآتانی گەنداو تا بگرە ئەفریقای جنوبی و ئەمریکای لاتینی ملیونهای خەڵك لەو وولاتانە بە دەستی ئەو حکومەتانە گیریان خۆاردوە ئەوانە هەموویان ئێستا دۆستی کۆشکی سپین، پاشان رامسفێلد پێش دەست پێکردنی جەنگ وەتی گەر سەدام حوسێن و دەستەکەی دەسەڵات بەجیّ بە هێڵێت ئێمە هەر دێینە عێراقەوە، ئەمە هیچ پەردەیەك نا هێڵێتەوە لەسەر ئەو واقیعە کەمەسەلەکی نە سەدام حوسینە نە چەکی کۆمەڵ کوژی یە نە دکتاتوی بوونی رژێمی بەعسە بەڵکۆ مەسەلەی ئەمریکا شکڵدانە بە نەزمێکی نوێی دونیا کە لەسەر بناغەی پاراستنی بەرژەوەندی سیاسیە ئابۆریەکان ئەمریکا لە دونیادا دامەزرێنێت ئەریکا دەیەوێت نەزمێك لە دونیادا بەریّ بخات کە لەو نەزمەیە قازانج و بەرژەوەندی ئەریکا لە سەرقازانج و بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگای ئینسانیەوە دابنرێت لەو نەزمەی کە ئەریکا ئەیەوێت دەیبرێژێت دژی ئەریکا بوون قەدەغەیە هەر وولآتێك یان هەرکەسێك قازانج وبەرژەوەندی ئەمریکا لەبەر چاو نەگریّ بە وێنەی یرهابی بە وێنەی تیرۆریست ئەخرێتە لیستی تیرۆرست کە ئەمریکا هەیەتی وە ئەکەوێتە ژێر هەرەرشەی ئەمریکا ئەمە ئەهداف و ئامانجی ئەمریکایە ئەوە شەرەی

ئەمریکا لە عێراق بەرێدەخات بێ شەرمانە دەڵێت بەوەندە ملیار وێرانی دەکەین وە بەوەند ملیار یش ئاوەدانی دەکەین راستی یەکی ئەمە داگیرکردنی ئاشکرایە تەماشاکا هەر کە هاتوونەتە عێراقەوە یەکەمین شت دەستیان گرتوتە سەر بیرە نەوتەکانی و دامو دەزگا نەوتییەکانە کە خۆیان ئارستەی تەواوی خەڵکیان داوە کە تەواوی بنەما ئابۆرییەکان تەواوی دەزگا خەدەمییەکان و مەدنییەکان تالان بکرێت و خەڵك بییان بات راستی یەکی ئەیانەوێ عێراق وێران بکەن بۆ ئەوەی هەر چی هەیە نەمێنێت و سەر لە نوێ کۆمپانیا زەبلحەکانی ئەمریکایەکان تەواوی توانی خۆیانی مادی سەرف بکەن بۆ زیاتر قازنج کردن، وە قسە لە سەر ئەوە دەکەن چوار قاعدە ی ئاسمانی دابنێن یەکێك لە حریر وە یەکێك لە کەرکوك وە لە بەغدا و ناسرییە دابمەزرێت بۆیە ئەمە داگیر کردنە

... ئەم دامەزرێنن ئەم ئیتر بنکەی ئاسمانی وسەربازی یە لە عێراقدا دائیمە مەزرێنن راستی یەکەی ئەم داگیرکردنی ئاشکرایە بۆ درۆشمی ئێمە لە ئایاری ئەم ساڵدا وەرێگە چاوەی ئێمە بۆ کۆتایی هێنان بەم وەزعە ئەوەیە – هێزەکانی ئەمریکا و بریگانیا دەست بەجێ ئەبێ عێراق بەجێ بهێڵت جێگایان بگرێتەوە بە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ماوەی شەش مانگ بەم شەش مانگە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان هەرچی میلیشیای حیزبیو عەشیری و قەومی و دینی وگائفی و کەسەرچاوەی نائەمنی سەرچاوەی بەندی مافیایین ئەمانەچەك بکات وە فورسەتێك بخوڵقنێت و ئازادی سیاسی بەرکەماڵ بێت بۆ هەموو دەزگاکانی راگەیاندنا وهەموو ئەخرابێك دوای ئەوەی رێگاو سیاسەتەکانی خۆیان بەخەڵك بڵێن لە دوای شەشی مانگەکەدا هەڵبژارونێك بکرێت بۆ ئەوەی خەڵکی عێراق خۆیان حکومەتی ئایدەی خۆیان هەلبژێرن ئەم رێگا چارەی حیزبی کومۆنیستە ئەمیش درۆشمی ئایاری ئەمساڵمانە.

*ئایا بەرێزتان راتان چیە بەرامبەر سێ کۆبۆنەوەی ئوبۆزسیونی عێراقی ئەم دوایانەکە لە عێراقدا ئەنجامیان داوە ؟!

...

– من لە سەرەتادە لێم گە ئوپۆزسیونی عێراقی سەر بە ئەمریکان رسۆان هیچ جۆرێ ئیعتبریان نیە وەهەر لە سەرەتاوە ئەم ئویۆزسیونە لە ئازاری ١٩٩١ وە بەر لەمیش لە شاری گەنداوی یەکەمدا کە ئابلۆقەی ئابۆری لە سەر خەڵکی عێراقی داندرا ئەوان چەپڵەیان بۆ لێدن ئومێدیان پێوەگرێدا وەتیان ئەوە رژێمەی عێراقی زەعیف دەکات رژێمی بەعس دەرۆخێنت لە ئەنجامدا بەشداریان کرد لە کوشتنی زیاتر لە یەك ملیون ونیو لە بیرو ژن ومنداڵی وگەنجو لاو خەڵکی عێراقدا بە بوونەی سیاسەتی ئابلۆقەی ئابۆری دوانزە ساڵە سیاسەتی ئەمریکا سیاسەتی ئابلۆقەی ئابۆری کەگەوەرترین چەکی کۆمەڵ کوژەیەعنی بەرەم گرتنی شیر دەرمان خۆردنی خەڵکی عێراق بەم ملیون ونیوێك لە خەڵکی عێراق لە ناوچووبەبێی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان کە زۆر زیاترە لەم ئامارە، ئەم ئەپۆزسیونە پشتگیری لەم سیاسەت کرد، لە سەرە تاشەوە هەرم ئەم ئوپۆزسیونە هەموو ئومیدی گرێدا بە سیاسەتێك کەئەمریکا لە عێراق هەیەتی بەوەی کە جەنگ لە دژی خەڵکی عێراق ڕۆبدا ئەو بوو هەل هەلەیان بۆ ڵیدا لە کونگرەی لەنرنە بەشداریان کرد ( لە ئەنجام دا) ئوپۆزسیونێکی برۆ ئەمریکایی کە بێجگە لە سیاسەتی ئەمریکا و چەپڵە لێدان بۆ ئەمریکا و پشتگیری ومشەیتگری ئەمریکا لە عێراقدا ئەی کات هیچ سیاسەت و هەنێکیان نیە کوبۆنەوە یەکیشکە دەیکەن من راستی ئەم ئوبۆزسیونە جێگاوزیگای لە ناو سیاسەتی ئەمریکادا نیە ئەم ئوبۆزسیونە بێ ئایندەیە لە یەکێتی و پارتیەوە کەرەنگە بەهێزترین بەشی ئوبۆزسیونی عێراقیین – تادەگات کۆمەڵەی ئەحمد جلبی وم؟؟؟؟؟ اعلی ووفیاقی وگنی تادەگات بحیزبی شیوعی عێراق وەك وەڵەتێکی قەیران گرتوی ئابۆری و سیاسی و کۆمەڵایەتی حکومەتی ئەم هەموو ئەزوەیە لە رابردۆ سی و پێنچ ساڵی ویان پەنجا ساڵی رابردوە هەیەتی ئوبۆزسیونێك کە ئێستا ئەم سەری شیعەیە ئەوسەز شیوعیە سەرێکی قەومی عەرەبی و سەرێکی سیە، ئەم ئوبۆزسیونە لە عێراقدا دەسەلات بگرێتە دەست ناتوانێ گوێرە دێ یەك بەریوە بەرێت بەتاییبەتی ئەم عێراقە بەم ئەزمەیە بەم هەموو کێشە بە گەر دەسەلات بگرێت دەست هەموو هەفتهیەك ئینقلابێ دەبێت بۆیە ئەمریکا زۆر باش ئەزانێ ئەم ئوپۆرسیونە ئایندەی نیە، یەکێتی وپارتی کە لە سەر مەسەلەی گەرانەوەی ئیدارەیانی لە ناوچەیەك کەدەسەلاتی بەعسی تێدا نەبوو لە ناوچەیەك کەدەسەلات بەدەستی خۆیانەوە بوو ... لە سەر مەسەلەی داهاتی کارە، نایان توانی ئیتفاق بکەن لە سەر ئیدارەیەك ولە سەر گومرك نایان کوانی ریل بکەون، ئێستا

ووڵاتێكی سەروەتمەند پڕ نەوتی وەك عێراق بدەنە دەست ئەپۆزسیونێك كە هەریەك لە ئاوازێك دەخوێنن كە هەر یەكەی شتێك دەڵێن، پێم وا نىیە ئەم كوبۆنەوەی كە ئەگیرێ تەنها بۆ ئەوەیە كە ئەمریكا بەرسمیيەت دانێ چەندرۆژ لە سلێمانی پلاكی وەزارەكەكانی حكومەتەكی ( ی. ن. ك) داگیراوە كەخۆارەوە واتا چون دەوترێ اللعبە انتهی مانای سیارویەكە تەواو بوو ئێوە دەبێت لە چوار چێوەی ئێمە كار بكەن كارەكانی ئەوانی چیبە جای گارنرێكیان هیناوە سەرۆكی حكومەتی سەربازی بێ لە شمال جنراڵێكی سەربازی وابنێن لەوە وەسگ جنراڵێكی تر دابنێن لە جنوب جنراڵێكی تر سەربازی دابنێن كاری ئوپۆزسیون تەنها هاوكاری ئەم جنراڵانەی سەربازیيە یعنی بۆ ئاسان كری كارەكانی ئەمریكا لە دەسەلاّتدار عێراقد كە ئەوترێ ماوەی شەش مانگ رەخاینێت ... بەلاّم معلوم نىیە چەند دەخایەنێت بەلاّم ئەوترێ بەلانی كەمەوە دوو ساڵە، بۆ راستی یەكەی ئەم ئوپۆزسیونە نە نوقێەرایەتی خەڵكی عێراق دەكات ... وە لە هەر شوێنك دەربكەوین بەر نەعلەت و تەمێ خەڵك كەوتن وەك مشعان الجبوری كە بەتاكە پێلاۆ پێشوازی لێكرا لە موسڵدا ...

* باستان لە شاری موسڵ كرد دوێنی كۆبونەوە كرا بۆ هەلبژاردنی چارێزەری موسێ بەلاّم نەگەیشتنە ئەنجام چی دەڵێن بۆ ئەمە ؟.

–یەك با من بێڵێم ئەوەیە كە ئێمە دوێنی بە یانێكمان دەركردوە ئەوەی كە ( وجوب الفاو كنافە القرارات والادارات فی المدارس والجامعات وكافە المؤسسات الحكومیە فوراً) بە مانای خەڵكی لە عێراقدا ٣٥ ساڵە تەنها گوێ رادەگرێ دەڵێن بەڵێ بۆی نەبوو بلێت نا بۆی نەبوو قسەبكات بەس بۆی بوو تەنفیز بكات و مناقەشەقەدەغە بووە، بۆ یەئێستا كە تەماشای تەواوی ئەم ئیدارانەبكەین لە پارێزگارەكان لە دەزگانی ترو لە دائیۆەكان لە قوتابخانەكان لە زانكۆكان دامەزرەوە دەوڵەتی یەكان هەمان ئیدارەی پێشووە جاران دەمانجە و جلی زیتونی بوو ئێستا دەمانجە و بەرگی ترە هاتوون ئەمانە دابێنەوە بۆیە ئەم ئیدارانە بۆ چێگای نارەزایەتی قوڵی خەڵكی عێراقدا هەر لەم كەركوكەوە چەندین مسیرە وئاكسنون كراوە لە دژی ئیدارەكان كە كەسانی بەعسیمان داناوە بەلاّم خەڵك نارە زابوون دەڵێن ئێمە خۆمان ئیدارەی خۆمان دا ئەنێنین واتا كەبەعس ڕۆیشت دەبێت چی بریارەكانی وئیدارەكانی وسیاسەت و بەرنامەی دەبێت برۆات منگقی تێدانی یە بەعس ڕۆیشت بێ قرارە ت و ئیدارەت و نەفەرەكان وسیاسەتەكانی ئەو لە دائیرەكان هەر بەرێوە بچێت هەر چەند دەڵێن ئەمە كاتێكی مؤقتەیە بەلاّم بۆ یەك رۆژێك خەڵكی نایەنەوێت دوێنی لە ناسریە لە ژوری محامیەكان ( پارێزگاران) كۆبونەوە بوو بۆ هەلبژاردنی لێپرسراو لە لایەن ئەحزابی ئوپۆزسیون وەتراوە بە ئیدارەی رابردوبێ شارەزان وەك كاتی بمێنەوە بەلاّم كەوتونەتە نارازەیی خەڵك وەتراوە دەبێت نوینەرانی پارێزگاری ناسرىیە هەردەبێت خەڵكی دایان بنێت نەك ئوپۆزسیون واتا هەڵەشاندنەوە بریارەكانی وئیدارەكانی بەعس خۆاستێكی خەڵك لە جەستەی خەڵكدا یە ویەك درۆشمی ئایاری ئەم ساڵی ئێمەیە ...

*چون دەروانیتە لیژنەی بەرێوە بردنی ئیدارەی ناوشاری كەركوك كە سەر ئاستی نەتەوەكان دامەزراوە ؟

– ئەم ئیدارە یە نە ئەمریكا یەكان هیچ ئیعترفی پێدەكەن نەخەڵكی كەركوكیش هیچ ئیعترافی پێ دەكەن ... یۆ یەخەڵكی خۆیان ئیدارەی خۆیان بەرێوە دەبن وە ئەو ئیدارەی كە بە ناو محافڤە تە یەك هیچ دەسەلاّتێكی بەدەست نىیە خەڵكیش بەیوە ندیان پێوە كردوە بۆ ئاو بۆكارە بابۆكێشەكانیان كە هەیە هیچ وولامێكیان نەبووە ... تەنانەت هاورێیان ئێمە لە گەڵ ئەندازیاران و كرێكاری كارەبادا چوون و چاكیان كردوتەوە چون داوای پۆلیسیان كردوە بۆ پاراستنی كارە باو ئاو وەتیانە ئێمە پۆلیسمان نىیە گەر خۆتان سیارەیان بۆ نەگرت و خۆاردنیان بۆ دابین نەكەن دەبێت پارەی تاكسی و خۆاردنەكانیان بۆ بدەن یەك واقعیعەك هەیە لە سەر ئاستی نەتەوەی كورد توركو عەرەب وئاشوری دایان ناوە ئەم تەفرقەیە ئەم كارەكە درۆست كردنی قەلشتێكە خەریكە یوغسلافیایەكی تر نوێ دەبێتەوە من نانەیەكم ئاراستە كوفیضان
كردوە بۆ ئەم كیشەیە، هەرچی یەكێتی وپارتی ئەحساسی كوردایەتی بەدڵ و قودس دەڵێن كەركوك هەین كوردە توركمانەكان دەڵێن ( ستبقی مدینە كركوك تركمانیە الی الأبد) بەپشتیوانی توركیا ناوخەڵكی دەورژێنن عەرەبەكان

ئوپۆزسیونەکان دەڵێن کەرکوك هەین عەرەبەکانە ئەمانە هەموون هەرەرەشەی دووبارە بوونەوەی بۆسنە وهێرسەکە بۆیە دەبێت ( کەرکوك تعرف بهویتها الانسانیە ولیست القومیە) واتا شاری کەرکوك هەین هەمووە ... بۆ هەمووە هەر کەسێك حەزدەکات لە کەنداوە بێت بۆ ئێرە دەتوانیێتیدا بژییێ هەموو ئەو ئینسانە بە هەر زمانێك قسەدەکەن کەیعنی خۆیانە بەلأم هەموویان هاولاتین بیێ جیۆازی داداکارین ئیعساساتی قومی زیاتر نەورێژن ...

* زۆر سوپاس کوردستان نێت دەکەکەین کە هاتە وزەحمەتی کێشاوە بۆ ئەو چاوەپێکەوتنە

www.kurdistannet.org کوردستان نێت